# عێراقی تازە پڕە لە صدام حسێن !

هەورامان علی

زۆر بون ئەوانەی ئاگایانە یان بێئاگایانە گۆرانیان بە بەژنوبالای عێراقی تازەدا هەڵدەدا، زۆربوون ئەوانەی پێیان وابوو یان وایان ئیدعا دەکرد دوای هاتنی مارێنزو هەلیپێچرانی داروودەستەی صدام و حکومرانی بەعس ئیتر عێراق دەبێت بە شامی شەریف و هەمووان بە ئازادی و خۆشگوزەرانی ژیانی ئاسایی خۆمان و منداڵەکانمان رێکدەخەینەوە و ئیتر خەبەرێك لە سەرکوت و زیندان و داپلۆسیین، خەبەرێك لە هەلاواردنی نەتەوەیی و تایفی و جنسی و...هتد لە ولاتدا نامێنێت، بەلام هەر زوو بێبناغەیی ئەم هیواو ئومێدانە دەرکەوت و ئەوانەی بێئاگایانە تورەکەیان بۆ چنینەوەی دەسکەوتەکان هەلدوریبوو لە پەشیمانیدا کالەکیان بە ئەژنۆی خۆیان ئەشکان و باجی خۆشخەیالی خۆیان دەدا ، ئەوانی تریش ئەگەرچی شەرمۆکانە هێشتا خەریکی پاساو هێنانەوەی بێجێن، ناراستەوخۆش خەریکی بژادنی زیانەکانیانن . ئەوکات پارتی و یەکێتی و دەزگای راگەیاندنەکانیان بە هاوکاری ریزی دورودرێژی قەلەم بەدەستە موچەخۆرەکانیان لەگەل بۆردمانی موشەکەکانی ئەمەریکادا ئەمانیش بۆردمانی رای گشتی خەلکی کوردستانیان دەکردو خەریکی رەواجدان بەو خۆشخەیالیە بوون کە ئەمەریکا رژێمێکی دیموکراتی وا لە عێراقدا دادەمەزرێنت کە ببێتە نمونە لە رۆژهەلاتی ناوەراستدا و خەلکی کوردستانیش بە مافەکانیان شاد دەبن. هەر ئەو کات بۆ هەر چاودێرێك کە نەیویستبێت خۆی وخەلکی فریوبدا ئەوە رۆشن بوو ئامانجی ئەمەریکا بە پێچەوانەی پروپاگەندەی یەکێتی و پارتی نە رزگاری عێراق بوو لە چنگ رژێمی دکتاتۆری و نە دامەزراندنی رژێمێکی دیموکراتی لە ناوچەکەدا، ئەوان لەیەکەمین رۆژی دوای روخانی رژێم جگە لە وەزارەتی نەوت و دامەزراوەکانی سەر بەو وەزارەتە ئاگایانە دەرگای باقی دامەزراوەکانی تری دەولەتیان خستە سەر گازەرایی پشت بۆ فەرهود و تالانی....ئەوان یەکەمین دەزگایی سیاسی کە دایان مەزراند لە حوجرەی فەقیان دەچوو نەك دامەزراوەی سیاسی بۆ بەرێوە بردنی دەولەت و کۆمەلگا .لەو 25 ئەندامەیی مجلسی حکم کە برێمەر دایمەزراندن جگە لەوانەی پارتی و یەکێتی (ئەگەرچی مام جەلال شانازی بە ئایەتوولا بونی خۆشیەوە ئەکات!)17 کەسیان بەرەسمی ئایەتولا یان مەلان بوون ، ئەم پێك هاتەیە و دیموکراسی کوجا مەرحەبا. مەگەر تەنیا قەلەم بەدەستەکانی پارتی و یەکێتی بتوانن ئەم تئیۆریە سی اسیە تازەیەیی دیموکراتی شی بکەنەوە. دەسەلاتدارانی عێراقی تازە بریتین لە سەرەك خێل و تایفەکان ، ئاخوندو

عەمامە بەسەرەکانی (حەوزە علمیەکان) بەکرێگیراوەکانی ئتلاعاتی ئێران ،لەگەل چەند کرێگرتەیەکی سی ئای ئەی. ئەمانە ئەو قارەمانانە بوون بەپێی راگەیاندنی پارتی و یەکێتی دەبوو لەسەر دەستیان رژێمی دیموکراتی تازە دامەزرێت و خەلکی کوردستانیش بە مافەکانیان شاد بن و بۆ هەتاهەتایە تۆماری ئازارو کشتو کوشتاریان بپێچرێتەوە . بەلام هەر زوو پوچی ئەم لێکدانەوەو تێگەیشتنانە ئاشکرا بوو ، لەگەل توندبوونەوەی کێشەکانی عێراق ئەمانە وەك کۆمەلێك مافیا لە سەر غەنیمەتەکە کەوتنە هەلکێشانی شمشێر لە یەکتری و عێراقیان نقمی خوێن و فرمێسك کرد، کۆمەلێك برینی گەورەی تریشیان کردە جەستەی کۆمەلگاوە وەك ئەوەی عێراق خۆی لە هەلومەرجێکی زۆر ئارام و باشدا بووبێت.

تا ئەو جێیەی پەیوەندی بە مافەکانی خەلکی کوردستانەوە هەیە تا ئێستاش سەرەرای ئیدعای پوچی پارتی و یەکێتی بۆ عێراقی فیدرالی( بەجیا لەوەی فیدرالیزم چارەسەرە یان نا) جگە لە خۆیان هیچ هێزێکی تر لە و وولاتەدا لە کولەکەی تەریشا باسی ناکات، هەموو ئەو کێشانەی کە بە درێژایی سەدەی رابردوو بەرۆکی خەلکی کوردستانی گرتبوو هەر لە جێگەی خۆیدا باقییە، مانگی هەنگوینی پارتی و یەکێتی لە گەل باقی دارو دەستە مەزهەبی و تایفی و عەشیرەتیەکان دەمێکە کۆتایی هاتوەو بەهیچ شێوەیەك پینە ناکرێت، کێشمەکێشی چەند مانگی رابردووی حکومەتی هەرێم و بە ناو حکومەتەکەی ناوچەی سەوز هەر لە مەسەلە بوجەی هەرێمەوە بگرە تا گرێبەستە نەوتیەکان نیشاندەری ئەو راستیەن ، کێشەی دارو دەستەکەی ناوچەی سەوز لەگەل حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەونیە کە بوجەی سالانی رابردو چی لێهاتوە یان قازانجی گرێبەستە نەوتیەکان دەچێتە گیرفانی کوێوە و نهێنی ئەو کارەساتە لەکوێدایە رۆژ لەدوای رۆژ ریزی هەژارەکانی کوردستان تا دێت فراوانتر دەبێت و کۆشك و تەلارو سەروەتی فیرعەونی دەسەلاتدارانیش فراوانتر ئەبێت ، نا کێشەی ئەوان ئەوەیە کە هەرچەند بۆیان بکری لەگەل هەرج ۆرە دەسکەوتێك کە خەلکی کوردستان لە دەرەوەی ئارەزو ئیرادەی ئەوان بەدەستی هێناوە، مخالەفەت نیشان بدەن و هەول بدەن کەمی بکەنەوە، کاتێك ئەوان مل بە جێبەجێکردنی مادەی 140 نادەن لەوێوە نیە کە ئەو مادەیە چارەسەری کێشەکان ناکات ، بەلکە ئەوان نایان دەوێت ئەو ئاوەی شۆڤێنیزمی بەعس لە عێراقدا دژی خەلکی کوردستان رشتویەتی سەرچاوەکەی وشك کات،کاتێك جەنەرالە فاشیستەکانی تورکیا هەرەشەی لەشکرکێشی بۆ سەر هەرێمی کوردستان دەکەن بە ئاشکرا هەولی شێواندنی ئاسایشە نیسبیەی کوردستان دەدەن ، لەوەلامدا مالکی و نوێنەری حکومەتەکەی نەك هەر مێشێك میوانیان نیە ، بەلکو ئامادەیی هەموو جۆرە هاوکاریەکیش پیشان

دەدەن ، لەو شوێنەوە نیە کە پ.ك.ك و کارو کردەوەکانی دروستن یان نا، لە خزمەتی بەرەوپێشچوونی بزوتنەوەی هەقخوازانەی خەلکی کوردستانە یان نا ، ئەوان کە خاوەنی کولتوری خۆ تەقاندنەوە و سەربرینی ئینسانن بە بەرچاوی کامێراوە بەراستی رویەکی قایمی دەوێت خەلکی تر بە ترۆریست تاوان بار بکەن. لە روانگەی ئەوانەوە هەرجۆرە پێشکەوتنێکی خەلکی کوردستان لە هەر بوارێکدا بێت بە هەرەشە بۆسەر داهاتووی خۆیانی دەبینن ، ئەوان کە بەم شێوەیەی کە بینیمان ددانیان لە پ.ك.ك جیردەکردەوە لە راستیدا هەرەشەکانیان راستەوخۆ دژی خەلکی کوردستان بوو . ئەوان کە سزادانی تاوان بارانی ئەنفال جێبەجێ ناکەن لەو شوێنەوە نیە کە عەقلیەت و بیرکردنەوەیان گۆراوە و بروایان بە سزای لەسێدارەدان نەماوە! بەلکە زۆر قورسە بۆیان لەسەر کوشتاری ژن و منالی دێهاتەکانی کوردستان ژەنرال و سەرکردەکانی دەولەتی عێراقی عروبەو ئیسلام لە سێدارە بدرێن! ..ئەگەر سبەی علی کیمیاویان لەسێدارەدا باکەس دلی خۆی خۆشنەکات ئەوە تصفیەی حساباتی نێوان شیعە و سونەیە ، لەسەر سەرکوتی خوێناوی راپەرینەکەی خواروی عێراقە لە بەهاری 1991 دا نەك شتێکی تر. ئەوان کە هێشتا توانای ئەوەیان ن یە ئاسایشی پەرلەمانەکەی ( ئەگەر سوکایەتیم بە پەرلەمان نەکردبێت) خۆیان بپارێزن و سەرەرای بونی زیاتر لە 130 هەزار سەبازی ئەمریکی و دوو هێندەی تریش ملیشیای جۆراو جۆر کەچی ناتونن بستێك لە ناوچەی سەوز دورکەونەوە ،بەلام بەم شێوەیەو بەم زمانە هەلسوکەوت لەگەل خەلکی کوردستاندا دەکەن...باچیتر خۆمان فریو نەدەین عێراقی تازە پرە لە صدام و علی کیمیاوی! ئەوەی کە ئەمرۆ ناتوانن وەك دوێنی بە چەکی کیمیاوی و هەلمەتی ئەنفال رەوانەی دۆزەخمان کەن لە داماوی و بێدەسەلاتیاندایە نەك لەگۆرانی ئەقلیەتی شۆڤێنستی و ئەنفالچیەتییان .

لەوەتەی دەولەتی تازەی عێراق لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە دروست بووە خەلکی کوردستان قوربانی سەرەکی ئەم وولاتە بوون ، هیچ کاتیش رژێمە سیاسیەکەی دەولەتی عێرا ق بەبێ سەرکوت و داپلۆسین نەیتوانیوە وولات بەرێوە ببات ، هەر بۆیە قوربانی داهاتوی عێراق ئەوانەن هێشتا پێیان وایە لە ولاتەدا ئومێدێك ماوە . تاکە رێگا لە بەردەم خەلکی کوردستاندا جیا بونەوەو دامەزراندنی دەولەتی سەربەخۆیە، زوو نیە و سبەینێش درەنگە، ئەمە کەم دەردی سەر ترین رێگایە لە بەردەممماندا.

20.1.2008